Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.1018

# ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە گوتاری ڕەخنەی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا (کرمانجی خواروو 1920- 1958 )

دڵشاد علی محمد[1] ، ئاسۆ عومەر مستەفا[2]

[1] بەشی کوردی ، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
[2] بەشی کوردی ، کۆلێژی پەروەردە و زمان، زانکۆی چەرموو، چەمچەماڵ، سلێمانیو، عێراق

***Article Info***

Received: January, 2019
Revised:February,2019
Accepted:April,2019

***Keywords***

ڕەخنەی شیعری،

***Corresponding Author***

aso.omar@charmouniversity.org

**پوختە:**

لێکۆڵینەوەکەمان بە ناونیشانی (ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە گوتاری ڕەخنەی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا (کرمانجی خواروو 1920-1958)یە، کە هەوڵدەدات لەم ڕوانگەیەوە لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لەم ماوەیەی دیاریکراوە بکۆڵێتەوە، چونکە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە شیعردا بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ڕەنگدانەوەیەکی فراوانی هەبووە. دەقی ئەدەبی بەڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە خزمەتی کۆمەڵدا بووە. لە ئەدەبی کوردیدا هەمیشە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە شیعردا و بەتایبەتی لەو ماوەیەی ئێمە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین ڕەنگدانەوەیەکی فراوانی هەبووە، نووسەرانی کورد هەوڵیان داوە لە گوتارەکانیاندا ئاوڕ لە لایەنی کۆمەڵایەتی بدەنەوە و لەم گۆشەنیگایەوە لە شیعری شاعیران بکۆڵنەوە، کە بووتە سەرەتایەکی باش بۆ قۆناغەکانی دواتر بۆ ئەوەی نووسەران و ڕەخنەگران گرنگی بە لایەنی کۆمەڵایەتی بدەن.

لێکۆڵینەوەکەمان لە دەروازە و دوو بەش پێکهاتووە: دەروازە (میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی) بەکورتی ئەم میتۆدە ڕەخنەییە دەخاتەڕوو. بەشی یەکەم (ڕۆژنامە و گۆڤارەکان) ئەو گوتارانە وەردەگرێت کە لەو ماوەیەدا لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا نووسراون، بەشی دووەمیش (کتێبەکانی مێژووی ئەدەبی کوردی) لەو گوتارانە دەکۆڵێتەوە کە لە کتێبەکانی ئەو ماوەیەدا نووسراون.

ئەنجامیش لە کۆتاییدا بە چەند خاڵێك خراوەتەڕوو

## پێشەکی

لێکۆڵینەوەکەمان بە ناونیشانی (ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە گوتاری ڕەخنەی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا (کرمانجی خواروو 1920-1958)یە، هەوڵدەدات لەم ڕوانگەیەوە لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لەم ماوەیەی دیاریکراوە بکۆڵێتەوە، لەبەرئەوەی نووسەرانی کورد لەو ماوەیەدا هەوڵیان داوە لە گوتارەکانیاندا ئاوڕ لە لایەنی کۆمەڵایەتی بدەنەوە و لەم گۆشەنیگایەوە لە شیعری شاعیران بکۆڵنەوە، کە بووتە سەرەتایەکی باش بۆ قۆناغەکانی دواتر بۆ ئەوەی نووسەران و ڕەخنەگران گرنگی بە لایەنی کۆمەڵایەتی بدەن. گرنگی لێکۆڵینەوەکەمان لەوەدایە تا ئێستا بەوردی کار لەسەر ئەم لایەنە نەکراوە، هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکەمان، بێگومان لێکۆڵینەوەکەمان بێگرفت نەبووە، بەتایبەتی بەردەست نەبوونی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی لەو ماوەیە دەرچوون کە ئێمە لێکۆڵینەوەکەمان تیایدا ئەنجام داوە.

لێکۆڵینەوەکەمان لە دەروازە و دوو بەش پێکهاتووە: دەروازە (میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی) بەکورتی ئەم میتۆدە ڕەخنەییە دەخاتەڕوو. بەشی یەکەم (ڕۆژنامە و گۆڤارەکان) ئەو گوتارانە وەردەگرێت کە لەو ماوەیەدا لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا نووسراون و باسی لایەنی کۆمەڵایەتییان کردووە لە شیعردا ، بەشی دووەمیش (کتێبە ئەدەبییەکان) لەو گوتارانە دەکۆڵێتەوە کە لە

ئیسلامە، هەروەها دێت بەراورد لەنێوان مزگەوت و تەکیە وخانەقای ئەم شێخانە دەکات و مزگەوت بە مەڵبەندی ئاوەدانی ڕوح و ئارامبوونەوەی دڵ و دەروون دادەنێ و تەکیە و خانەقاکانیش ڕێگایەکن تەنها بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵك بەشانوباڵیاندا هەڵدەدرێ و لەبەر چاوی خەڵك جوان دەکرێن، وەك دەڵێ: ((باسی مزگەوت و گەورەیی مالی خوا ئەکا و ئەلی: ئەمانە شوینیکن کە پیاو ئەچیتە ناویانەوە و دلی خوی روبەروی خوا ئەکاتەوە، لەو تەسفیەکردنە ئەگەر بە راستی ناوی خوای تیایانا بهینری و بەراستی روی دلتی تی بکری ئەکەویتە عالەمیکی حەقیقیەوە، بەلام تەکیە و خانەقاکان بوچی وا جوان ئەکرین و لەبەرچی ئەوەندە بەو جورە بە شان و بالیانا ئەچن))(عەلائەدین سەجادی،1952، ل 322) لەکۆتاییدا نووسەر ئەوە دەخاتەڕوو کە ئەم کاروکردەوە ناشرینانەی کۆلکە شێخەکان (حاجی قادری کۆیی) کردووەتە دوژمنیان، چونکە ئامانجیان دنیا پەرستی و ڕووپامایی و بەژەوەندی تاکەکەسییە، خەڵکانی خراپەکارن و بەرگی پیاوچاکانیان لەبەرکردووە، وەك دەڵێ: ((جا کردەوەی ئەم جورە شیخانە کە شیرازەی ریکوپیکی ئیسیان بە تەواوی هەلوەشاندبوەوە ئیشیکی وا ئەکا بە حاجی کە کەمەری دوژمنایەتیان لەگەل ببەستی و دەست بکا بە قسەکردن بەوانەی شیخ نین و وەکو گورگ چونەتە پیستی مەرەوە))(عەلائەدین سەجادی،1952، ل 322) نووسەر لە باسی (سالمی سنە)ی شاعیردا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەدەب ئاوێنەی کۆمەڵە و ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵك و ئەو کۆمەڵگەیەیە کە تیایدا دەژی، و ئەدیب گوزارشت لە سەردەم و ژینگە و ژیانی کۆمەڵگەکەی دەکات، لەم بارەیەوە دەڵێ: ((شاعر و ئەدیب لەبەرئەوە ئاوینەی کومەلن ئەگەر تەعبیر لە هەمو شعوری ئەو کومەلە نەدەنەوە - کەتیایا ئەژین – تەعبیر لە بەشیکی زوریان ئەدەنەوە؛ چونکە دلی ئەوان تەماشای رەوشتی کومەلەکە ئەکا و چاویان لەو پەردەیەیە کە بەسەر ئەوانا کشراوە، ئەوەندە هەیە ئەوان ناتوانن بیخەنە شیرینی قسەوە، ئەمان ئەتوانن))(عەلائەدین سەجادی،1952، ل 372) پاشان نووسەر لەم ڕوانگەیەوە شیعرێکی شاعیر ڕووندەکاتەوە و ئەوە دەخاتەڕوو کە شاعیر لەم شیعرەیدا وەك شریتی سینەما ژیان و بارودۆخ و ڕەوشتی کۆمەڵگەکەمان بۆ دەخاتەڕوو، ئەوەش دەخاتەڕوو کە هەر قسە بەس نییە ، بەڵکو دەبێت قسەکان بکرێنە کردار، وەك دەڵێ: ((جا ئەگەر بەم مەعنایە مەعنا لە ئەدیب و شاعر بدەینەوە ئەو رەوشتە و ئەو عەنعەناتە کە لەدەوری سالمدا بووە هەمویمان وەکو شریتەکانی سینەما دیتەوە بەرچاو؛ ئەوەمان دیتەوە بەرچاو کە یەکە ئامانجی بەرزی ئەو قەومە ئەوە بووە کە شیخ بە خالی هیندو زولفی چین چین و رومەتی رونیەوە لایەك لەو قەومە بکاتەوە بو ئەوە بە شمشیری بروی شەیتانی نەفس بکوژی و مەردمەکە بخانە عالەمیکەوەکە عالەمی روحانی وەهاوە کە کەس لەسەیری تیر نابی! خو خەریك کردن بەم قسانەوە - کە ئیش بە قسە پیك نایە- ئەو پەری کامەرانی بووە))(عەلائەدین سەجادی،1952، ل 372) نووسەر لە باسی (ئەدەب)ی شاعیردا نموونەی شیعرێکی شاعیر دەهێنێتەوە و ڕوونی دەکاتەوە و گفتوگۆی دەکات، ئەمجارەیان دەیەوێت دژ بە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی بەرگری لە شاعیر بکات و ئەوەمان پێ بڵێت: کە ئەم شیعرانەی شاعیر بە نموونەی بەرز و جوانی ئەم چەشنە ئەدەبەن، کە بە (ئەدەبی ئاشکرا) ناویان دەبات، وەك دەڵێ: ((لە هەمو زمانیکا (ئەدەبی ئاشکرا) هەیە وە هەر یەکە بە ئەندازەی دەسەلات و زەوق کوششی ئەوەیان کردوە کە لەو پەرری ئاشکراییەوە بی بەلام برروا ناکەم تو بتوانی لە ئەدەبیکی روژهەلاتی ئیمەدا بەرزتر و بەرزتر و ئاشکراتر لەم شعرانەی ئەدەب بدوزیتەوە))(عەلائەدین سەجادی،1952، ل 414) پاشان بەرگری لە شاعیر و شیعرەکانی دەکات و بڕوای وایە ئەگەرچی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەسەند نین و خەڵك بە بێ شەرمیان دادەنێت، بەڵام ئەم شیعرانە داهێنانی جوانیان تێدایە و شاعیر بەمەبەستی داهێنان و جوانکاری ئەم شیعرانەی گوتووە،نەك مەبەستی تری بێڕەوشتی، وەك دەڵێ: ((رەنگبی هی واهەبی بلیت: ئەمانەی ئەم بە کوردی پیی ئەلین (بی شەرمی) کەسی تر نەیویستوە بەمجورە بە بی شەرمانە بیتە مەیدانەوە! بەلی راستە ئیستە بەم جورە شتانە لە کوردیدا ئەلین (بی شەرمی) ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە زور پابەندی وشەی (شورەیین) ... کەچی مەبەستە راستەقینەکەش لەم جورە ئەدەبانە دەربرینی فیکرەیەکی نازکی شاعرانەیە بە عبارەتی جوان و رەنگینی وەها کە تەلی عاتفە چە بە وشەکانی وە چە بە مەعنا کە بینیتە سوز و گوداز، کە ئەمەش ئەکا نەوەك لەبەر (خەلاعە)یە، بەلکو لەبەر (بەداعە)یە))(عەلائەدین سەجادی،1952، ل 414) هەروەها نووسەر لێکدانەوە بۆ دێڕە شیعرێکی (حەمدی) دەکات و دەیبەستێتەوە بە کۆمەڵ و بارودۆخ و ڕەوشتی ناو کۆمەڵەوە، دەیکاتە ئاوێنەیەك، کە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵی تێدا دەرکەوتووە، ئەویش ڕاکردنە لە قسەی ڕاست و حەق و وەرگرتنی قسەی ناحەق و ناڕاستە، شاعیریش قسەی ناڕاستی بەجێی پێباشترە و نووسەریش پشگگیری لە بیروڕاکەی دەکات، وەك دەڵێ: ((ئەم شعرەی ئەوە پیشان ئەدا کە قسەی راست و حەق باوی نیە و مەردم لیی هەلدین! جا ئەمیش ئەلی کەوایە قسەیەکی ناساغی بەجیم پی چاترە نەوەك هەرزەیەکی ساغ! بەلی قسە ئەگەر بەجی بو ئەوە ئەبی ساغ بی کەچی ئەم کردوویە بە ناساغ، لەبەرئەوە چونکە با ساغیش بی مادام مەردم پیان خوش نەبو لی هەلدین.

